

# بەشودانی زۆرەملێ لەنێو گروپی کوردی نەرویج روو لە زیادبوونە!

بەهار مونزیر
baharmunzir@yahoo.com

بەشودانی زۆرەملێ یان "الزواج الاجباري"، بەواتای فشارهێنان بۆ کەسێک کەلەدەرەوەی حەزو تەنانەت مەیلی خۆشەویستی خۆی وە لەژێر فشاری باوک یان برا یان کەس وکار دەدرێتە کەسێکی تر. ئەم دیاردەیە ئێستا لەوڵاتی نەرویجداو بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵی کوردیدا* تەشەنەی کردووەو بەپێی ئاماری رەسمی دەوڵەت وئەو ریکخراوانەی کەلەسەر ئەم دیاردەیە کار دەکەن وەک رێکخراوی خاچی سور، بەشی ئۆسلۆ و فەرمانگەی کۆچ واتە ( UDI )، کورد بەپلەی دووەم لەدوای گروپی پاکستانیەکانەوە دێت.
هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە چین کەوای کردووە گروپی کوردی بەو ئاستە بەرزە ئەم دیاردەیە تیا تەشەنە بکات؟ بۆ وەڵام دانەوە بەم پرسیارە وا پێویست دەکات کەلە زۆر دەرگا بدەین، بەڵام پێش باس کردنی هۆکارەکانی ئەم دیارەیە پێشەکیەکی کورت پێویستە.
دیاردەی کۆچ بەرەو هەندەران لە عێراقدا بە کوردستانیشەوە لەدوای ساڵی 91، واتە شەڕی یەکەمی کەنداوو سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر عێراقدا دەستی پێ کرد، زۆرێک لەوانەی هاتنە دەرەوە لەو خێزانانە بوون کە منداڵی وردیان هەبوو یان زگوردی بوون وە بەگەشتنیان بۆ هاندەران و بەدەستهێنانی مافی پەنابەری یەکسەر ژیانی هاوسەریان پێک هێناوە بە هێنانی کەسێکی تر لەوڵاتی خۆ. ئێستا زۆرێک لەوانە منداڵەکانیان بەتایبەت "کچەکان" گەشتونەتە تەمەنی لاوێتی وبەشێک لەو خێزانانە پێیان وایە کە بۆ ئەوەی کچەکانیان وەک کچی نەرویجی بەهرەمەندنەبن لە ئازادیە تایبەتیەکانیان و یاخی نەبن لە نەریتی گروپی خۆ، یەکسەرەو تەنانەت بەبێ رەزامەندی کچە وە زۆر جار لەژێر هەڕەشەی کوشتن و فشارهێنانی گیانی و دەروونی دەدرێتە کەسێک، جا ئەو کەسە لە کوردستانەوە دەیهێنن یان لێرەو لە رێگەی پەیوەندیەکانی ناو هەمان گروپ دەستەبەری دەکەن.
وەک وتم بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارەی سەرەوە کە ئایا هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە کامانەن کەوای کردووە ئەم رێژەیە بەو شێوەیە زیادی کردووە:

یەکەم/ تێروانین بۆ ناموس یان ناموسپەرستی:
لەم دیدگایەوە ئەوە ژنە یان مێیە کە بەرپرسە لە پاراستنی شەرەفی خێزان، وەئەوە پەردەی کچێنی کچە کە چارەنووسی شەرەفی خێزان دیاری دەکات، هەر ئەمەشە وای کردووە کە تێروانینی خێزانەکان لەسەر ئەم لایەنە چەق ببەستێ و فشارەکانی خۆی دەست پێ بکات. وەک پێشتر باسم کرد کە بەشێکی زۆر لەو خێزانانە نزیک بە پانزە ساڵە لەم وڵاتەدا ژیان دەکەن، منداڵەکانیان ئێستا گەورەبوون و ترسێک کە رۆژانە بەرۆکی ئەم خێزانانە دەگرێت ئەوەیە کە چۆن ولە چ رێگەیەکەوە بەر بگرن بەوەی کە منداڵە گەنجە کچەکانیان وەک گەنجانی نەرویجی کە زۆر ئازادن لە پەیوەندیەکانیاندا لێ نەیەت، ترس لەوەی کە نەکا مەودای ئازادیەکانی زۆر بڕوات و چوارچێوەی ماڵ جێ بهێڵێت، ترس لەوەی کە نەکا لە پەیوەندیەکی سێکسی لەگەڵ هاورێ کورەکەیدا ناموسی خێزان لە زەوی بدات و لەکەداری بکات، هەربۆیە فشارەکان لەتەمەنی پانزە ساڵیەوە دەست پێ دەکەن. بەشێک لەوانە هەر لەنەرویج و لە رێگەی کۆلکە مەلایەکەوە و بەدزی دەوڵەتەوەو بەشێوەیەکی نا رەسمی و "بەرەش" مارە دەبردرێ و بە هێواشی کۆتایی پێ دەهێنرێت. بەشێکی تریشیان لە کاتی پشووەکاندا دەیانبەنەوە بۆ وڵاتی خۆو لەوێ کەسیان بۆ دەدۆزنەوەو بەشویان دەدەن، بەشێک لەوانە

ئەگەر خێزانەکان بزانن کەبەهاتنەوەیان گرفتیان بۆ دروست دەبێت ئەوا هەر لەوێ پاسپۆرتەکانیان لێ دەشارنەوە و ناچاری دەکەن کە بمێننەوە.

دووەم/ کلتورو عورفی کۆمەلآیەتی:
یەکێک لەو گرفتانەی کە خێزانەکان و تاکەکانی رۆژهەلآتی ناوەڕاست بەدەستیەوە دانالێنن هەلگرتنی جۆرێک لە کۆدو عورفی کۆمەلآیەتی یە کە سەرچاوەکەی لە پیاوسالاری و قودرەت و دەسەلآتی پیاوەوە سەرچاوە دەگرێ، چاوێک بە کۆمەلگە رۆژهەلآتیەکاندا ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەخات. لەم کۆمەلگەیانەدا سیستەمی سیاسی و کۆمەلآیەتی بە یارمەتی دین هەمیشە بووەتە هۆی بلآوبونەوەی کۆنەپەرستی و بیرباوەڕی پیاوسالاری. دەسەلآت و قودرەتی پیاو لەم کۆمەلگەیانەدا بێ ئەندازەو بێ سنوورە، پیاو خاوەنی مالّ و منالّ و ژنە، گیرفان و هیزی ئابووری لای ئەوە، هەربۆیە بڕیاردەری چارەنوسی مالّ و مندالّە. ژن لەم سیستەمەدا کائینێکی بێدەسەلآتی بێ بڕیارە، خاوەنی ئابووریەکی سەربەخۆ نیە.
 ئەم دیدگایە بەهەمان بنەمای خۆیەوە لەڕێگەی ئەم خێزان و تاکانەوە دێنە نەرویج کە یاساو دەستوری وڵاتەکەی لەسەر بنەمای یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو دامەزراوە. دوو کلتور، دوو عورف و عادەتی کۆمەلآیەتی لەیەک دەدەن. پیاوی خۆرهەلآتی بەهەمان تێڕوانینی پیاوسالاری خۆیەوە بەلآم لەژێر چەتری یاساو لەناو دەولّەتێکی مۆدێرندا توشی دژایەتیەکی کوشندە دەبێت. یان ئەبێت دەسەلآتێک کە هەیەتی لەدەستی بدات و وەک کەسێکی مۆدێرنی ئەوروپا ژیان بکات، یان لەناو جیهانی پیاوسالاری و شەڕکردن بۆ لەدەست نەدانی دەسەلآتی خۆی بجەنگێت. بەلآم جۆری ژیان لەم ولآتە وسیستەمی پەروەردەو فێرکردن و تەواوی سیستەمەکانی تری کۆمەلگە بەپێچەوانەی ویست و ئیرادەی ئەمەوە دەچنەپێش، منالّەکانی ئەم لەبەیانی تا ئێوارە لەدەرەو لەناو چوارچێوەی قوتابخانەو دامەزراوەکانی تردا دێن و دەچن، تێکەلّ دەبن، زمان فێردەبن و هاوڕێ دەگرن و بەڕۆحی ئەم ولآتە مامەلّە دەکەن، بۆ باوکێکی خۆرهەلآتی ئەگەر ئەم جۆرە ژیانە بۆ کوڕەکەی قایل بێت و تەنانەت شانازی بەوەشەوە بکات کە کوڕەکەی لەچەندین پەیوەندیدایە لەگەلّ کچانی هاوڕێی خۆی، ئەوا بۆ کچەکەی مامەلّەیەکی تری هەیە، ئەو نەک تەنانەت خۆی بەلّکو ئەگەر کوڕیشی هەبێت بەهەمان شێوە دەسەلآت دەداتە ئەویش کەوەک خۆی مامەلّە بکات. نمونەیەکی دیار و بەرچاو بۆ ئەم مەسەلەیە کەلە مێدیای نەرویجی وتەنانەت مێدیای کوردیشدا دەنگی دایەوە حوکمی ئەو باوک و برایە بوو کەبەزۆرو بەهەڕەشەی کوشتن کچەکەیان کە تەمەنی حەڤدەسالّیدا بردەوە بۆ کوردستانی عێراق ولەوێ بەزۆر دایان بەشوو، بەلآم پاش ماوەیەک لەهاتنەوەی کچە بۆ نەرویج ودرکاندنی ئەم مەسەلەیە، لەلایەن " Barnevern " واتە دەزگای پارێزگاری منالّ و بەیارمەتی پۆلیس باوک و براکەی دەسگیر کران و درانە دادگا و یەکەمین بڕیاری دادگای نەرویج بۆ مەسەلەی بەزۆر بەشوودان بەسەریاندا درا کە باوکەکە بە سێ سالّ و کوڕەکەی دوو سالّ زیندانی کران. ئەم کەیسە بەناوی کەسی Drammen ناسراوەو هاوینی 2004 ڕوویداوە و لە 2005دا وەک کەیس ناسرا.

سێیەم: تێکەلّ نەبوون و سیاسەتی فرە کولتووری:
 سیاسەتی فرە کولتوری کە لەتەواوی وڵاتە ئەوروپیەکاندا کاری پێ دەکرێ، بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاکردنەوەی ئینسانەکانە لەسەر بنەمای بوونی کولتوری جیاواز، ئەم سیاسەتە رۆژانە دەبێتە مامەلّەی تەواوی دەزگا دەولّەتی و ڕێکخراوو مێدیاو لێرەشەوە دەبێتە فەرهەنگێکی بلآوی خەلّکی ئەم وڵاتانە لەبەرامبەر کەسانێکی تر کەلە وڵاتانی ترەوە هاتوون و لێرە نیشتەجێن.
 کولتوری خۆت و کولتوری خۆم دەبێتە ئەو بەربەستەی کە تێکەلآو بوون ببێتە کارێکی قورس، زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەوڵاتانێکی وەک عێراق، ئێران، تورکیا... هەلّهاتوون و لەوڵاتی خۆیان بەدەست بێ فەرهەنگی، بێ مافی، سەرکوتی ئیسلامی سیاسی، جیاوازی ڕەگەزی، پیاوسالاری و دەیان و دەیانی تر لەو بێ مافیانەی کەلەو وڵاتانەدا بەرامبەر ئینسان رۆژانە ئەنجام دەدرێ، وە بۆ دەربازبوون لەمەو بەشوێن ئارامی و ژیانێکی

ئازاد روو دەكەنە ئەوروپا. لێرەش بە پێی ئەم سیاسەتە ڕەسمیە جارێكی تر بەبێ ویست و ئیرادەی خۆیان دەخرێنەوە ناو هەمان كولتورو هەمان چوارچێوەی پێشو.
ئەم سیاسەتە وادەكات كە تاكی پەنابەر سەربكاتەوە بە ناو هەمان كولتورو عادات وتەقالیدێكدا كە سەرتاپا نوقمی دواكەوتوویی، پیاوسالاریی، دژەژن و دژە هەموو ئەو ئارەزوانەیە كە ئینسان لەتەمەنێكی ناسكی خۆیدا ئەنجامی دەدات، ئەمە وا دەكات كە فشار هێنان بۆ لە قاڵبدانی هەڵسوكەوتی كوڕان و كچانێكی گەنج كەلە تەمەنێكی گەنجی خۆیاندا خەریكن هەڵدەكشێن ببێتە كارێكی ئاسایی زۆربەی زۆری ئەو خێزانانە، لێرەوە گەنجان تووشی حاڵەتێكی "ازدواجی" دەبن، لەلایەک كۆمەڵگەیەكی كراوە بەهەموو ئازادیەكانیەوە، لەولاشەوە كۆمەڵگەیەكی داخراوی خنكێنەر كە ئازادی تێدا بەربەست كراوە. كاردانەوەی ئەم فشارە بەسەر ئەو گەنجانەوە بەتایبەت ئەو كچانەی كە خێزانەكانیان دەیانەوێت بەزۆر بەشوویان بدەن بە زوویی دەردەكەوێت، بەشێكیان ناچار دەبن كەئەو فشارە قبول بكەن و لەترسی هەڕەشەی ئازاردانی گیانی ونەفسی "كە نمونەی ئامانەش لەبەردەستدا هەیە" بچنە ژێر ئەم فشارانەوەو شو بەكەسێک بكەن كە ڕەنگە هیچ شتێک لەبابەت ئیحساسات و خۆشەویستی و تەنانەت یەكتر ناسینی پێشوەخت بەیەكیانەوە نەبەستێت، تەنانەت ئەتوانم بڵێم هەندێ جار ئەوە كەسەی كە بۆی پەیدادەكرێت لە دەرەوە واتە لە وڵاتی خۆوە دەهێنرێت و ئەمەش جیاوازی فەرهەنگی ولەیەكتر نەگەشتن لە نێوان هەردوكیاندا سەد بەرابەر زیادتر دەكات. بەشێک لەو كچانە تووشی دەیان گیروگرفتی نەفسی دەبن و تەنانەت زۆربەیان پەنا دەبەنە بەر هەوڵدان بۆ خۆكوشتن وسزادانی خۆ وەک نان نەخواردن و ئازاردانی گیانیی.

ئەم كێشەیە بەئەندازەیەک گەورە بووە لەم وڵاتەدا، كە وای لە حكومەتی تازەی نەرویج كردووە كە خەریكی دارشتنی بڕیارێكی تازەن بۆ سنووردارکردنی هێنانی ژن یان پیاو لەدەرەوەی نەرویج بە بەرەوسەر بردنی تەمەنی زواج بۆ 22 یان 23 ساڵ كە ئەمە هێشتا نەبڕاوەتەوەو تائێستاش گفت وگۆ لەسەر ماوە.
ئەم بابەتە بەشێكە لە هەوڵی خۆم بۆ ناساندنی ئەم كێشە ترسناكە كە ژیان و چارەنووسی دەیان و سەدان كچی پەنابەری كوردی لە نەرویج وئەوروپا لەبەردەم هەڕەشەدا داناوە، هەڕەشەیەک كە زۆر نهێنی ئەنجام دەدرێ وڕەنگە وا بێتە پێش چاو كە دروست نەبێ، بەڵام من خۆم بە پێی كارێكیش كە ئەنجامی دەدەم لە ڕێكخراوەیەكی ئینسانی لە نەرویج كە تایبەتە بە كێشەیەی زواجی ئیجباری زۆر گەورەتر دەیبینم لەوەی كە باسیشم كردووە، هیوادارم ئەم بابەتەم ببێتە جێگەی دیباتێكی هەمەلایەنەو مۆدێرن بۆ خستنەڕووی زیاتری ئەم كێشەیەو هەنگاونان بەرەو كولتورێكی بەرزتری ئینسانی تر.

18ی ئایار 2006

---

* كۆمەڵەی كوردی یان گروپی كوردی: مەبەست ئەوەیە كە ئەم دیاردەیە هەر بەتەنها لەناو كوردی عێراقدا نیە، بەڵكو كوردەكانی توركیا و ئێران و بەشێكی كەم كوردی سوریاش دەگرێتەوە.